پارێزگاری سلێمانی:لە دامودەزگاکاندا پێویستە جیاوازیی ئەرێنی لە نێوان ژنان و پیاواندا دەکەین

پارێزگاری سلێمانی رایدەگەیەنێت، "لە دامودەزگاکاندا پێویستە جیاوازیی ئەرێنی لە نێوان ژنان و پیاواندا دەکەین و ئەو دەرفەتی دراوە بە ژن بە دەگمەن لە شوێنکانی دیکە دەبینرێت".

د. هەڤاڵ ئەبوبەکر پارێزگاری سلێمانی لە کۆنگرێیەکی رۆژنامەوانیدا رایگەیاند، پلانی گەشەپێدانی وەبەرهێنانی لە پارێزگای سلێمانی خرایەڕوو پارێزگار راشیگەیاند،" توانراوە سلێمانی لە ساڵی 2023دا یەکەمی سەرئاستی عێراق و کوردستان ببێتە باشترین و زەرترین و هەمەڕەنگترین دەرفەتەکانی وەبەرهێنان بەوردی لە دەرفەتی شایستەی وەبەرهێنان لە پارێزگای سلێمانی.

وتیشی، "ئەو دەرفەتەی لە سلێمانی بە ژن دراوە لە دامودەزگاکان و ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی بە دەگمەن دەبینرێتەوە و پێویستە جیاوازیی ئیجابییانە دەکەین بە نموونە ئەگەر ژن و پیاوێك لە فەرمانگەیەکدا یەك بەوانامە و هەمان خزمەتیان هەبێت ژنەکە دەکرێتە بە بەڕێوەبەر کە ئەوش بە توانای خۆیانە نەك هیچ بنەمایەکی دیکە".